

## د.ڤیان سلێمان سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ گوڵان:

# لە شەش مانگدا ٢٦٥ کێشەی کۆمەڵایەتیمان چارەسەر کردووە

■■■

### ئێمە کار بۆئەوە دەکەین کۆتا بۆ پۆستە ئیدارییەکانیش هەبێت، نەک بەس بۆ پەرلەمان

■■■

### بەگشتی توندوتیژی لەناو هەموو حزبەکاندا هەیە و تەنیا لە ناو پارتیدا نییە

■■■

### رێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان وەک رێکخراوێکی مەدەنی کاردەکات و ئۆرگانی رەسمی پارتی نییە

خاتوو د.ڤیان سلێمان سکرتێری گشتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەم دیدارەی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، تیشــکدەخاتە سەر پێگەی ئافرەتی کوردو سەبارەت بە کاروچالاکی خۆیان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەتان و رۆڵیان لە نەهێشتنی توندوتیــژی و جیاوازی جێندەری لە کۆمەڵگادا، هەروەها جەختیش لەوە دەکاتەوە کە لە جێبەجێکردنی یاسای توندوتیژی کەمتەرخەمی هەیەو هەرکەس و لایەنێکی حزبی و مەدەنی و حکومەتیش بەقەوارەی خۆی لێی بەرپرســیارە. ئەمەش دەقی ئاخاوتنەکەیە:



*** د. ڤیان وەک سکرتێری گشتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان چۆن بارودۆخی ئێستای ئافرەتانی کوردستان دەبینێت؟**

- ئەگەر لەمێژوو وردبینەوە، ئەوا بەدرێژایی مێژوو ئافرەتانی کوردستان رۆڵی خۆیان هەبووە و لەپێناوی بەدەستهێنانی ئازادی زیاتر و مافی زۆرتر و یەکسانی لەگەڵ پیاودا خەباتی کردووە، ئێستاش کە لەکوردستان ئارادەیەکی زۆر ئازادی دەستەبەربووە، دەتوانم بڵێم بارودۆخی ئێستا هەلێکی زێرین و سەردەمێکی زێرینە بۆ ئافرەتانی کوردستان رەخساوە، ئاشکرایە بەدرێژایی مێژوو ئافرەتانی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دەوروبەرمان ئافرەتێکی ئازاد بووە و، لەناو کۆمەڵگەشدا رێزێکی تایبەتی هەبووە و هەمیشە خاوەنی پێگەیەکی باش بووە، ئەمە وێڕای ئەو تێبینی و سەرنجانەی لەسەر جۆری پەیوەندی نێوان هەردوو رەگەز هەمانبووە و ئێستاش هەرهەمانە، بەڵام ئەگەر خۆمان بە کۆمەڵگاکانی دەوروبەرمان بەراورد بکەین دەتوانین ئەم جیاوازیانە بەدی بکەین:

١- بەهۆی کرانەوەی هەرێمی کوردستان بەرووی دەرەوەدا هەلی کارکردنی یەکسان بۆ ئافرەتان رەخساوە.

٢- ئاراستەیەکی یەکسانبوون لەناو بڕیاری سیاسی کوردستان و لەناو دەستەبژێری دەسەڵاتی سیاسیدا هەیەو هیچ رێگرییەکی یاسایی، یان کۆمەڵایەتی بەرامبەر بەئافرەتان لەکۆمەڵگەدا بوونی نییە.

٣- بەهۆی کرانەوەی پارتە سیاسییەکانی کوردستان کە باوەڕیان بەکرانەوە بەرووی ئافرەتان هەیە، هەلێکی دیکە بۆ ئافرەتانی کوردستان رەخساوە.

٤- هاوکات رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی برەو بەخۆیان دەدەن و دەتوانن پشتگیری لەئافرەتان بکەن بۆ دەستکەوتنی مافەکانیان.

*** بەڵام ئافرەت ناتوانێت لەسیستەمی سیاسی بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ پیاو بەشداربێت، تائێستاش لە هەرێمی کوردستان سیستەمی کۆتا بۆ ئافرەتان پەیڕەو دەکرێت، ئەوەش نارەوایی هەندێك لە ئافرەتانی لێکەوتۆتەوە، لەوبارەیەوە راتان چییە؟**

- هەر بابەتێك پەیوەندی بەباری کۆمەڵایەتییەوە هەبێت، پەسەندکردنی رێژەییە، هەموو مەسەلەیەك لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خۆی هەیە، بەداخەوە زۆر لەئافرەتان تەنیا لایەنە نەرێنییەکانی سیستەمی کۆتا دەبینن، بەڵام من وەك خۆم سیستەمی کۆتا بە باش دەزانم و بەردەوام بەرگریشم لێ کردووە، لەبەر ئەوەی کۆتا دەرفەتێکی زیاتر بۆ بەشداری ئافرەت دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییەو لە پەروەردەی پیاوسالاریدا متمانە بەکارامەیی پیاو زیاترە، پیاو بەکارامەتر و بەتواناتر دەزانن، ئەمەش جۆرە پاشکۆیەتیەك بۆ ئافرەت دروست دەکات، بۆیە بوونی کۆتا ئەم پاشکۆیەتیە کەمدەکاتەوە و ژمارەیەك ئافرەت دەباتە پلەی سیاسی و ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر کۆمەڵگە.

**پارتی باوەڕی بە تواناکانی ئافرەت هەیە، یەکێتی ئافرەتانیش بەرهەمی ئەو تێڕوانینەیە**

*** ئەگەر تەماشای کابینەکانی حکومەتی هەرێم بکەین، دەبینین لەکابینەی پێنجەمدا پێنج ئافرەت هەبوون، بەڵام لەکابینەی شەش کەمتر بوو، لە کابینەی حەوتیش هەر ژمارەی ئافرەتان کەمە، ئێوە وەك یەکێتی ئافرەتان بۆچی لانیکەم لە دەستنیشانکردنی وەزیرەکانی پارتی، کاریگەری ئەوەتان نەبووە کە چەند ئافرەتی وەزیرمان هەبێت؟**

- پێش ئەوەی کابینەی حەوتەم پێکبهێنرێت، وەك یەکێتی ئافرەتانی کوردستان داوامان لە بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی کرد کە ئافرەت لە کابینەکەی لەبیر نەکات، بۆ ئەوەی لەهەموو ئۆرگانەکانی حکومەتدا ئافرەت بوونی هەبێت، بۆیە داوامان لەکاك نێچیرڤان بارزانی کرد لەسەرجەم ئۆرگانە حکومییەکاندا مەسەلەی کۆتا رەچاوبکرێت، بەڵام وەك بینیتان هەر هەمان وەزیری ئافرەت لەناو کابینەی حەوتەم دانرایەوە، زۆربەی وەزیرەکانیش وەك خۆیان مانەوە، لە کابینەی حەوتیش نەك تەنیا پارتی، بەڵکو سەرجەم ئەو حزبانەی بەشدارن لە حکومەتدا، هەر پیاویان بۆ پۆستە باڵاکان کاندیدکردوە.

*** رێژەی ئافرەت لەهێزی کاری هەرێمی کوردستاندا چەندەو بۆچی لە پلە ئیدارییەکان تا بەرەو سەرەوە دەڕوا، ژمارەی ئافرەت کەم دەبێتەوە؟**

- رێژەی لە (٤٢٪)ی هێزی کاری هەرێمی کوردستان ئافرەتن، ئەمەش رێژەیەکی دڵخۆشکەرە ئەوە پیشان دەدات کە ئافرەت توانیویەتی رۆڵی لەگشت بوارەکانی ژیاندا هەبێت، بەپێی ئاماری سەندیکای رۆژنامەنووسان (١٤٪)ی رۆژنامەنووسان ئافرەتن، بەڵام بەداخەوە لە پلە ئیدارییەکاندا وردە وردە ئەو رێژەیە بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات، بەتایبەتی دوای رێژەی پلە تایبەتییەکان.

*** زۆر جار دەگوترێ ئەو ئافرەتانەی کە حزبەکان لە حکومەتدا جێگەیان بۆ دەکەنەوە، کارامە نین و تەنیا وەك گوڵی سەر مێز بوونی شکڵییان هەیە، ئەوە تا چەند راستە؟**

- کاتێك پەروەردەی کۆمەڵگە جیاوازی جێندەری

**ئەگەر دەرفەتی ئاڵوگۆڕی بیروڕا نەما، ئەو کات توندوتیژی دروست دەبێت**

دروست دەکات، پاساو بەوە دەهێننەوە کە ئافرەتان ناتوانن پلەی بەرپرسیارێتی وەربگرن، بۆیە هەندێك ئافرەتیش هەن لەوانەیە وەك باست کرد گوڵی سەر مێز بن و نەتوانن هیچ بڕیارێك بدەن، بەڵام ئافرەتیشمان هەبووە زۆر سەرکەوتوو بووە، بێگومان ئەزموونی حوکمداری ئافرەتیش لەلای ئێمە شتێکی نوێیەو تازە ئێمە بۆمان رەخساوە کە ئافرەت لەگشت بوارەکاندا کاربکات.

*** ئێوە وەك ئافرەتانی کوردستان تاچەند توانیوتانە ئافرەتی سەرکردە دروست بکەن؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان بایەخێکی زۆری بە ئافرەت داوە و ئەوەش جێگەی شانازی و جێگەی دەستخۆشییە، بێگومان دروستبوونی یەکێتی ئافرەتانیش بۆ ئەوەیە کە توانای ئافرەت زیاد بکات، پارتی باوەڕی بە تواناکانی ئافرەت هەیە، لەو روانگەیەشەوە یەکێتی ئافرەتان لە پێگەیاندنی ئافرەتی کارامە رۆڵی بەرچاوی هەبووە، زۆربەی ئافرەتانی پەرلەمانتار و پۆستە سیاسییەکانی نێو پارتی دەرچووی ریزەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و لە کادیرەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانن.

*** پەیمانگەی پرسە کۆمەڵایەتییەکان تا چەند توانیویەتی توندوتیژی کەم بکاتەوە و بەگشتی لەو بوارەدا چ چالاکییەکتان هەبووە؟**

- پەیمانگەی پرسە کۆمەڵایەتییەکانی یەکێتی ئافرەتان لەماوەی ساڵێکی تەمەنیدا لەهەموو بوارەکانی وشیارکردنەوە و چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان کاری بەرچاوی کردووە. بڕیاریشە سیمینارێك سازبکات و لەو سیمینارەشدا لە ژمارە سفری گۆڤاری (شیکار) کە گۆڤارێکی ئەکادیمی وەرزییەو تایبەتە بە کێشە کۆمەڵایەتی و هزرییەکان بخاتە بەرباس و توێژینەوە، بۆ ئەوەی بزانین لە چ قۆناغێکی کارکردنداین لەکوردستان، هەروەها تەنیا لە ماوەی هەشت مانگدا ٤٩ سیمینار سەبارەت بەچەمکی توندوتیژی کراوە. لەقوتابخانەکانی هەولێر نزیکەی ٣٠ سیمینار لەسەر بابەتی ئاشنابوون بە چەمکی هەرزەکاری و بواری گشتی پەروەردەیی خێزانی کراوە، هەروەها لە ماوەی شەش مانگدا ٢٦٥ کێشەی کۆمەڵایەتیمان چارەسەر کردووە، ئەمە جگە لەبەشی راوێژکاری کە بە بەردەوامی هەوڵی داوە کێشەکان چارەسەر بکات و دوو خەتی تەلەفۆنی بەردەوام کراوەیە بۆ چارەسەری کێشەکان و تەنانەت هەندێك کێشە لە گەرمیان و چۆمان و ناوچە دوورەپەرێزەکان

بووە، بـــەڵام توانراوە چارەســـەربکرێن. هەروەها توێژینەوەی زۆر لە ناوچەکانی کوردستان کراوە بۆ ئەوەی بزانین کە لەچ ناوچەیەکدا و چ جۆرە کێشـــەیەك زیاترەو کاریگەری چییەو چۆنیش چارەسەردەکرێت.

*** هۆکاری سستیکردن لە جێبەجێکردنی یاسای توندوتیژی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- بەداخـــەوە لەو بوارەدا کاری دەســـتەجەمعی نەکـــراوە، ئێمـــە لەســـەر یاســـای توندوتیژی کۆبوونەوەیەکمـــان کـــردو داوامـــان لەهەموو ڕێکخراوەکان کرد کە هەڵمەتێکی وشـــیارکردنەوە بکەین، مـــن داوام کرد هـــەر ڕێکخراوێك یەك نوێنەرمان بداتێ، مەبەســـتی ئێمەش تەنیا ئەوە بوو کاری تیمی دروســـت بکەین، بێگومان لە جێبەجێکردنی یاسای توندوتیژی کەمتەرخەمی هەیەو هەرکەس و لایەنێکی حزبی و مەدەنی و حکومەتیش بەقەوارەی خۆی لێی بەرپرسیارە.



*** تا ئێستاش توندوتیژی لەناو خێزان و حزب و حکومەت بەدی دەکرێت، هۆکاری ئەوە بۆ چی دەگێڕیتەوە؟**

- لەناو خێزان و حزب و حکومەتیش دەبێت ئەو بوارە هەبێت کە گفتوگۆ بکەین و بیروڕا بگۆڕینەوەو لەیەکتـــر بگەین، هەموومان پێویســـتیمان بەو ڕاگۆڕینەوە هەیە، ئەگەر دەرفەتی ئاڵوگۆڕری بیروڕا نەما، ئەو کات توندوتیژی دروست دەبێت. واتە داخستنی دەرگای لێکتێگەیشتن هۆکاری سەرەکی توندوتیژییە.

*** بـــەڵام زۆرجـــار ئامـــاژە بەوەدەکرێـــت کە توندوتیژی لەنـــاو حزبەکان زیاترە بە بەراورد بە دامەزراوەکانی حکومـــەت، ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- بێگومـــان تایبەتمەندیی دامەزراوە حکومی و حزبیەکان جیاوازە، پەیوەندییە حزبییەکانیش جیاوازە لەگـــەڵ پەیوەندی کارکردن لەناو حکومەت، بۆ نموونە حکومەت فراوانترە و یاسای زۆری هەیە، گەرچی حزبیش دیسپلین و پەیڕەو پرۆگرامی خـــۆی هەیە، واتا کارەکان دیـــاری کراوەو هەر کەسەو سنوورێك بۆ کارەکانی دانراوە، بەجۆرێك کەس ناتوانێت لـــەکاری خۆی زیاتر بکات، بۆ نموونە لە حـــزب ئەگەر کەســـێك توندوتیژی بەرامبەر کرا، دەتوانێت سەرووی خۆی ئاگادار بکاتەوە، بەڵام لەحکومەت دەســـەڵاتی دادوەری و دادا گا هەیـــە، بـــەڵام لەحـــزب دادگا نییە. بەگشـــتی توندوتیژی لەناو هەموو حزبەکاندا هەیە، بۆیە پێویستە کار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان بکرێت. زۆر جێگەی شەرمیشـــە کە ئافرەتێك توندوتیژی قبووڵ بکات.

*** ئەنجومەنـــی باڵای خانمان دامەزراوەیەکی حکومییە، چۆن لـــەو ئەنجومەنە دەڕوانی و تا چەند لە ئاستی خەونەکانی ئافرەتاندایە؟**

- مـــن یەکێـــك لەو کەســـانەبووم کـــە کاتێك ئەنجومەنی خانمان کراوەیە، زۆر پێشوازیم لێکردو پشتگیرم کرد، بەتایبەتی کە ئەنجومەنی خانمان بۆردێکی ڕاوێژکاریی هەیە، ئەمە بێجگە لەوەی پێویستە لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان هەماهەنگی بکات، بەڵام ئەوەی کە ئێمە تا ئێستا بینیومانە ئەوەیە کە ئەنجومەنی باڵای خانمان تا ئێســـتا ئـــەو خەونەی بەدی نەهێناوە کـــە چاوەڕاوانی بووین.

*** ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەکێشەکانی ئافرەت چۆن دەبینی؟**

- ڕاگەیاندنەکان گرنگی بەکاروچالاکییەکانی ڕێکخراوەکانـــی کۆمەڵگەی مەدەنی نادەن، بۆ نموونە ئەگەر هەر ڕۆژەو یەك سیمینار و چالاکی ئەو ڕێکخراوانە بگوازنەوە، جۆرە کاریگەرییەکی دەبێت بۆ ئـــەوەی بابەتێکی کۆمەڵایەتی بەبیر خەڵکی بهێننەوە، بێگومان کتێبخانەی کوردیش هـــەژارە لەبواری هۆشـــیارکردنەوەی ئافرەتان، چالاکوانانی ڕۆشنبیریشـــمان کەمە کە لەسەر کێشـــەی ئافرەتان کاربکـــەن، بەداخەوە هەندێك لە ڕاگەیاندنەکانیش جوانییەکان دەشـــارنەوە و وادەکەن بگوتـــرێ لەو وڵاتە هیچی جوانی تیا نییە، و هیچ شتێکی جوانی کۆمەڵگەی خۆیان پیشان نادەن.

*** زۆرجـــار دەگوترێ کەلتـــووری ڕژێمەکانی پێشووی عێراق تائێســـتا لەکوردستان ماوە، چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەوە هەیە؟**

- بێگومان ئاسەواری ڕژێمەکانی پێشوو لەسەر هەموو کۆمەڵگەی عێراق هەبووە بە کۆمەڵگەی کوردستانیشەوە، هەر ئەمەش وایکردووە مرۆڤی کوردیش بە شـــێوەیەکی توندڕەوانە هەڵسوکەوت بکات، چونکە ئەو سیستەمە وایکردووە تاك وەك کەسێکی توند بەرهەم بێت.

*** یەکێتـــی ئافرەتان تا چەند خـــاوەن بڕیاری خۆیەتـــی، ئایـــا تاچەنـــد پارتـــی وەك حزب کاریگەری لەسەر بڕیارەکانتان هەیە؟**

- یەکێتی ئافرەتانی کوردستان وەك ڕێکخراوێك کـــە بەرگری لـــە ئافرەتان بـــکات، بەرهەمی بیرکردنـــەوەی پارتی دیموکراتی کوردســـتانە بـــە رامبەر بە ئافرەتـــان و کاتێك ئەم ڕێکخراوە دامەزراوە پارتـــی وەك حزبێکی کوردســـتانی ڕکابەری نەبـــووە، ئەمەش مانای ئەوەیە پارتی خۆی بڕوای بەوە هەبووە چەترێك بۆ ئافرەتانی کوردســـتان بکات بۆ ئەوەی خۆیان بە ئازادانە بڕیاری خۆیان بدەن، ئێســـتاش راســـتە پارتی یارمەتـــی لۆجیســـتی ئەم ڕێکخـــراوە دەدات، بـــەڵام ئۆرگانێکی ڕەســـمی پارتی دیموکراتی کوردستان نییەو وەك ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنـــی کار دەکات، کاری ئێمـــە برەودانە بە تواناکانی ئافرەتان و خزمەتکردنە بە پێشکەوتن و توانای ئافرەتی کورد، لەناو یەکێتی ئافرەتانی کوردســـتان کادیرمان هەیە سەربەخۆیەو پارتی نییە، هەشـــمانە کـــوردی پارچەکانی دیکەی کوردســـتانە، ئەندامـــان هەیە، هەر کورد نییە، واتە عەرەب یـــان تورکمانە و لەگەڵ ئێمە ئیش دەکات، هەروەهـــا یەکێتی ئافرەتان ســـەیوانێکە بۆهەموو ئـــەو ئافرەتانەی کە بۆ نەهێشـــتنی توندوتیژی کاردەکەن.

**جۆرەکانی مادەهۆشبەرەکان**

مادە هۆشـــبەرەکان لەپێنج بەشی سەرەکی پێکدێن کە بریتین لە:

١. حەشـــیش: (هەموو ڕووەکە هۆشـــبەرەکان کە لە ڕووەکی قنبە دروستدەکرێن).
٢. ئەفیۆن: (ئەفیۆن، مۆرفین، هیرۆین).
٣. ئەلقات: (گشت ڕووەکەکانی ئەلقات).
٤. کۆکائین: (ڕووەکی کۆکاو پاشکۆکەی) .
٥. کارتێکردنە سەرمێشـــك (کە جۆرەهای دەرمانی وەك حەب و شرووبی لێ دروست کراوە.

هەمـــوو ئـــەو مادەهۆشبەرانە مەترسیدارن و تەنانەت مادەی وەك کریســـتاڵ و شووشە وادەکان کە لاشـــەی بـــەکار هێنەری دوای ســـێ چوار جار بەکارهێنان هەڵبوەرێت.

**کرانەوەی سنوورەکان**
**پەرێنەوەی مادەهۆشبەرەکان**

مێژووی سەرهەڵدانی مادەهۆشـــبەرەکان لەهەرێمی کوردســـتان بـــۆ دوای ســـاڵی ١٩٩٠ دەگەڕێتەوە، کە بەهۆی کرانەوەی ســـنووری هەرێمی کوردستان بەڕووی وڵاتانـــی هەرێمایەتـــی و نێودەوڵەتی ئەو مáddanە بەڕێگەی قاچاغ لەناوچە سنوورییەکان دزەی کردووەتە نێوخاکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی لەهەرێمی کوردســـتان هێزە ئەمنییەکان زۆر بەجددی ڕووبـــەڕووی ئـــەو باندانە دەبنەوە کـــە بازرگانی بە مادەهۆشبەرەکان دەکەن، بەڵام بەهۆی هەناردەکردنی ئەو مáddanە لە شارەکانی دیکەی عێراق و بەتایبەتی لەئێرانـــەوە، هەرێمی کوردســـتان نەیتوانیوە خۆی لە مەترســـییەکانی ئـــەو دیاردەیە دەربـــاز بکات، بۆیە شـــارەزایان بەپێویســـتی دەزانن لەو بـــوارەدا کاری زۆر جـــددی بکرێت و بە ئەرکـــی دامودەزگەکانی ڕاگەیاندنیشی دەزانن کە زانیاری و وشیارکردنەوەی تەواو بە هاووڵاتییان بگەیەنن.

فرسەت دۆڵەمەڕی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشـــتنی مادەهۆشـــبەرەکان لەلێدوانێکی تایبەتدا لەگـــەڵ گوڵان هێما بۆ ئەوە دەکات، دوای کرانەوەی ســـنوورەکانی هەرێمـــی کوردســـتان و بەتایبەتـــی دوای دامەزرانـــی هێڵی ئاســـمانی و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی، قاچاخچیانی مادەی هۆشبەر بە هەموو جۆرو شێوازەکان هەوڵی هاوردەوهەناردەکردنی مادەی هۆشـــبەر لە هەرێمی کوردســـتان بدەن. ئەوەشی بە زەنگێکی خەتەر و پڕ مەترسیدار ناوبرد.

فرســـەت دۆڵەمەری لەبـــارەی کاروچالاکی خۆیان و چۆنیەتـــی دامەزرانـــی بەڕێوەبەریەتییەکەیـــان ئامـــاژەی بەوەدا کە پێشـــتر لە هەمـــوو دامودەزگا ئەمنییەکانـــی هەرێمی کوردســـتان هۆبەیەك هەبوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشـــبەرەکان، بەڵام دواتر بەڕێوەبەرایەتی گشتیی نەهێشتنی مادەهۆشبەرەکان لـــەڕۆژی جیهانـــی بەرەنگاربوونـــەوەی مـــادە هۆشـــبەرەکان واتە لـــە لە(٦/٢٦) لەســـاڵی ٢٠٠٦ دامەزرا. وەك باســـیکرد ئـــەو بەڕێوەبەرایەتییە جگە لە ســـنووری پارێزگای سلێمانی هەموو ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

لەبـــارەی هـــۆکاری ئەوەشـــی کە هەرێمی کوردســـتان بۆچـــی لەگەلأ هۆبەی نەهێشـــتنی مادەی هۆشبەر لە سلێمانی یەکیان نەگرتووە، گوتی «لەگەڵ یەکگرتنـــەوەی هەمـــوو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم ئەو یەکگرتنەوەش خراوەتە بەرنامەوەو زۆری نەماوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا هەماهەنگی و هاوکاری زۆرمان پێکەوە هەیەو زۆرجار لەسەر پێدانی زانیاری لەلایەن هـــەردوو لامانەوە کۆمەڵێك مادەی هۆشبەر دەستی بەسەردا گیراوە».



**هەناردەکردنـــی مادەهۆشـــبەرەکان (مخـــدرات) لەشـــارەکانی دیکەی عێراق و بەتایبەتی لەئێرانەوە بۆ هەرێمی کوردستان، جگە لەوەی مەترسییەکانی ئالوودەبوون بە مادەهۆشبەرەکانی پترکردووە، گەرچی هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان زۆر بە جددی ڕووبـــەڕووی ئـــەو باندانە دەبنەوە کـــە بازرگانی بە مادەهۆشـــبەرەکان دەکەن، بەڵام تا ئێستا ئەو دیاردەیە بنبڕ نەبووە .**

**نزیکەی ١٥٠٠ بەکارهێنەری مادەی هۆشبەر دەستگیر کراون**

فرســـەت دۆڵەمەری ئەوەشی خستەڕوو کە لەماوەی شەش ســـاڵی دامەزرانی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادەهۆشـــبەرەکان، نزیکـــەی ١٥٠٠ بەکارهێنەری مادەی هۆشبەر دەستگیر کراون، کە ڕێژەی ٩٥٪ یان پیاو بوون و تەمەنیان لە نێوان ٢٢ بۆ ٣٨ ساڵ بووە. گوتیشـــی «ئێمە ڕۆژ و شـــەوی خۆمان سەریەك خســـتووە بۆ ئەوەی هەموو پیلانەکانی قاچاخچییان ئاشـــکرا بکەین و پەلکێشی بەردەم دادگایان بکەین، چەندینجار لەگەڵ قاچاخچییان ڕووبەڕووی شەڕی چەکـــداری بووین و چەندین کارمەندیشـــیان بریندار بوون، بەڵام خۆشـــبەختانە تائێســـتا کەسمان شەهید نەبووە».

**لە یەك چالاکیدا ٥٠ کیلۆ هیرۆئین دەستی بەسەردا گیراوە**

بەڕێوەبەری گشتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان، لە درێژەی ئاخافتنەکەیـــدا بۆ گوڵان هێمای بۆ پیلانە جۆراوجۆرەکانی قاچاخچییتانی مادەی هۆشبەر کرد، ئەوەشی خستەڕوو کە لە ناو بۆڕی سەماوەر، تاوڵەی داری و کەلوپەلی دیکە، بەشێوەیەك مادەهۆشبەرەکانیان شاردۆتەوە کە «ســـەگی ڕاهێنراویش لە فڕۆکەخانە نەیتوانیوە هەســـتی پێبکات». دۆڵەمەری جەختی لەوەش کردەوە کە هاوڵاتیان لە سەرکەوتنی چالاکییەکان ڕۆڵـــی کاریگەریان هەبووە و زۆر سوپاســـی تاك بە تاکی هاووڵاتی کرد کە «هاووڵاتیان زۆر دڵســـۆزانە هاوکاریمـــان دەکەن و هەر زانیـــاری و گومانێکیان هەبێت، بە ئێمەی ڕادەگەینن»، هەروەها سوپاســـی ڕاگەیاندنەکانی کرد کە لە بواری وشـــیارکردنەوەی کۆمەڵ لە مەترسی مادەی هۆشبەر کاری بەرچاویان کردووە.

**زیادبوونی داهاتی تاك**
**لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری هاوتا نییە**

ئیبراهیم خۆشناو سەرۆکی ر ێکخـــر ا و ی ڕۆشنبیری و هۆشیاری دژی مادە هۆشبەرەکان سەبارەت بە هۆکارەکانی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی «بەداخـــەوە زیادبوونی داهاتی تاك لەگەڵ زیادبوونی ئاســـتی مەعریفیدا هاوتا نییە، هەروەها لەکاتی ئێســـتادا ئاســـتی داهاتی تاك گۆڕانکاری زۆری بەســـەردا هاتووەو گەنجـــان پارەیەکی زۆریان بەدەستەوەیە کە بەشێوەیەکی بێ بەرنامە خەرجیدەکەن، زۆرجار بەمەبەســـتی گەشـــتکردن ڕوو لە دەرەوەی وڵات دەکەن، بەتایبەتی ئێران، تورکیا، ئەردەن و وڵاتە ئەورووپییەکان، ئەمـــەش وادەکات جۆرە تێکەڵاوییەك لەنێوانی گەنجانی ئێمە ئەو وڵاتانەدا دروســـت بێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە لەگشـــت لاوە سنوور کراوەیەو قاچاخچـــی و بازرگانی مادەی هۆشـــبەر هەوڵی هاوردەکردنی بۆ کوردستان دەدەن. سەبارەت بەمامەڵە کردن بە بەکارهینەرانی مادەی هۆشـــبەر گووتی : «پێشـــنیارمان کردووە ڕۆڵی وەزارەتەکان دەستنیشان بکرێـــت و هەرکەســـەو ئەرکێکی پێ پســـپێردرێت، بـــۆ نموونە وەزارەتی تەندورســـتی ســـێ فەرمانگە لەســـنووری پارێزگاکان بکاتەوە بۆ چارەســـەری ئەم گرفتە، داواکاری گشـــتی سزای زۆر قورس بەسەر ئەو کەسانەدا دابنێت کە بازرگانی بەم مادەیەوە دەکەن، ئەمە بێجگە لەوەی ئێمە پیشنیار دەکەین بەکارهێنەری مادەی بێهۆشـــکەر و لە بازرگانی مادەی بێهۆشکەر جیابکرێتـــەوە بەجۆرێـــك بەکارهێنەرانـــی مـــادەی

# بەرەنگاریی ماددەهۆشبەرەکان بە ئەرکێکی نەتەوەیی دادەنرێ

بێهۆشکەر پێویستە وەك قوربانی تەماشابکرێن، نەك وەك تاوانبار. بەڵام هەتا ئێستا هیچ جیاوازییەك لەنێوان کەسی ئاڵوودەبوو، لەگەڵ کەسی بازرگاندا نەکراوە، هەموویان بەیەك چاو تەماشا دەکرێن، بەڵام بەو یاسا نوێیەی کە ئێستا خەریکی دارشتنەوەین زۆر بە وردی کار لەسەر هەردوو جۆر دەکرێت.

**ماددەی هۆشبەر لە تیرۆر ترسناکترە**

دکتۆر ئومێد کەریم پسپۆڕی نەخوشیەکانی هەناو، رایوایە «ئاستی زیانی مادە هۆشبەرەکان لەئاستی زیانی تیرۆر زیاترە، زیانی مادە هۆشبەرەکان هەموو لایەنێکی ئابووری و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەندروستی دەگرێتەوە، سەرەڕای ڕووخاندنی ناخی کەسایەتی تاك، تەنانەت ڕووبەڕووی مەرگیشی دەکاتەوە».

ڕێژەی ئاڵوودەبووان بە مادە هۆشبەرەکان لە جیهاندا بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٤ گەیشتە دووسەد ملیۆن کەس، بێگومان ئەم ڕێژەیە ساڵ لەدوای ساڵ لە بەرز بوونەوەدایە، هەرلە هەمان ساڵدا لە وڵاتانی عەرەبیدا گەیشتۆتە نزیکەی دەملیۆن کەس کە ئەم ڕێژەیە تائێستا زۆر بەخێرایی زیادی کردووە.

لە هەرێمی کوردستاندا ئامارێکی دیاریکراوی ئاڵوودەبووان نییە، بەڵام بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی عێراق لە ناوەڕاست و باشووردا نزیکەی ٢٤٠٠٠ ئاڵوودەبوو بە مادە بێهۆشکەرەکان هەن. دکتۆر ئومێد هێمای بە خاڵێکی مەترسیداری دیکە کرد کە «هەندێکجار بازرگانەکانی مادە بێهۆشکەرەکان پەنا دەبەنە بەر ئەوەی کە کەسی نزیکی خۆیانیش فێری ئەو ماددانە دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن بۆ مەبەستی خۆیان بەکاریان بێنن، ئەمە بێجگە لەوەی کەسی ئاڵوودەبوو ئایندەی خۆی خێزانێك لەناو دەبات، لەڕوویەکی تریشەوە چارەسەری کەسی ئاڵوودەبوو پێویستی بەداهاتێکی زۆرە بۆچارەسەرو بارگرانییەکی زۆر گەورە لەسەر خێزانەکەی دروست دەکات و چارەسەرکردنی لەڕووی مەعنەوی و مادیشەوە زۆر زەحمەتە. دکتۆر ئومێد جەختی لەوەش کردەوە کە ئاڵوودەبووانی مادەی هۆشبەر توانای جنسی و خواردنیان زۆر کەمتر دەبێت، هەروەها ئەو شوێنانەی کە دەرزی مادە بێهۆشکەرەکانی لێدەدرێ، بە بەردەوامبوونی تووشی هەوکردن دەبێت. هەروەها ئاڵوودەبوو زۆرجار ناتوانێت پیساییەکانی لەشی بکاتە دەرەوە، ئەمەش لەماوەیەکی کەمدا زیانی زۆر ترسناك لەجەستەی دەدات. کەسی تووشبوو کێشەی ئابووری و بێ ئیشی و بێ پارەیی و وازهێنان لە ماڵ و منداڵ و قەرزاری کەسانی دیکە دەبێت جگە لە کێشەی تەندروستی و نائارامی و ئەنجامدانی تاوان. تەنانەت زۆرجار بەبێ هیچ هۆکارێك خۆی دەکوژێت.

**هۆکاری پەنابردنە بەر مادەی هۆشبەر**

هاوار عەزیز، وەك توێژەرێکی دەروونی، سێ خاڵی سەرەکی بە هۆکاری پەنابردن بۆ مادەی هۆشبەر دەزانێت و بەمجۆرە باسیدەکات:

«گۆشەگیری و نەمانی متمانە، نامۆبوون و خەمۆکی، سێ فاکتی سەرەکین کە بەشێوەیەکی زۆر ترسناك ڕۆڵیان لە ئاڵوودەبوون بە مادەی هۆشبەر هەیە. بێگومان کۆمەڵگەی ئێمە بەهۆی ئەو گۆڕانە ئابوورییە خێرایەی وایکردووە، زۆر لەتاکەکان پەیوەندی خزمایەتییان بچڕاندووەو ژیانیان بۆتە ژیانێکی گۆشەگیر، تاکەکان ناتوانن وەك پێویست لەگەڵ یەکتریدا پەیوەندییەکی بەردەوامیان هەبێت، بۆیە زۆرجار کەمترین گرفتی خێزان دەبێتەهۆی دروستبوونی گەورەترین قەیرانی کۆمەڵایەتی،. هەروەها نامۆبوون، یەکێکە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کەئەمڕۆ بەشێوەیەکی زۆر لە کوردستاندا بڵاوەو بەشی هەرە زۆری تاکەکان ڕووبەڕووی نامۆبوون دەبنەوە. نامۆبوون بریتییە لەوەی کە تاکەکەس هەمیشە هەست بە تەنیایی بکات. یەکێکە لەهۆیەکانی زیادبوونی نامۆبوون لەناو گەنجاندا، بەشێکی زۆر لەمرۆڤەکان هەمیشە هەست بەنامۆبوون بکەن، لەو کاتەشدا بەدوای شتێکدا دەگەڕێت کە خۆی لەو حاڵەتە دەروونییە ناهەموارە ڕزگار بکات، بۆیە ئەگەری ئەوەی هەیە پەنا بۆ بەکارهێنانی مادەی بێهۆشکەر ببات. خەمۆکییش یەکێکە لەو دیارە دەروونییانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا زۆرپەرەی سەندووە، لەناو شارە گەورەکاندا لەناو سێ کەسدا، کەسێك خەمۆکی هەیە، ئەمەش دوو جۆر کاریگەری بەجێ دەهێڵێت، ئەو کەسەی کە تووشی خەمۆکی دەبێت، یان خۆی دەکوژێت، یان پەنادەباتەبەر بەکارهێنانی مادە بێهۆشکەرەکان، چونکە بەهۆی ئەو گرفتە دەروونییە زۆرەی کە ڕووبەڕووی بۆتەوە، دەیەوێت خۆی لەکێشەکان ڕزگاربکات.

**بەڕێوەبەری گشتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر**

**بۆ پشکینن و دۆزینەوەی مادەهۆشبەرەکان پێویستمان بە ئامێر و تەکنیکی سەردەمیانە هەیە**

**پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو:**

**زیانی مادە هۆشبەرەکان لەزیانی تیرۆر زیاترەو هەموو لایەنەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەندروستی دەگرێتەوە**

**توێژەرێکی دەروونی:**

**دروستبوونی نامۆبوون وادەکات بۆ خۆڕزگارکردن پەنا بۆ هەموو شتێک دەبات**

**سەرۆکی ڕێکخراوی دژی ماددەی هۆشبەر:**

**بەرزبوونەوەی ئاستی داهات و سەفەرکردن هۆکاریکە بۆ ئاڵوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر**